**The Center of Halabja**
*Against Anfalization and Genocide of the Kurds*
*C.H.A.K*
www.chak.be

**Nawendi Helebce**
*Dj be Enfalkirdin u Ginosaydi geli Kurd*
*CHAK*
chak_org@yahoo.com

# دەنگ بدەنە کاندیدە کوردەکان
# لە رۆژی سێشەممەدا لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی دانیمارکدا

لە رۆژی سێشەم، رێککەوتی 13ی نۆڤەنمبەری 2007 دا لە دانیمارکدا هەلبژاردنی پەرلەمان دەکرێت، کە تیایدا نۆ پارتی ناسراو و هەندێ پارتی بچوک هەوڵی بەدەستهێنانی شوێنەکانی پارلەمان دەدەن. بە سەدان کەس خۆیان بۆ ئەو شوێنانە کاندید کردووە و پێشبڕکێ لەسەر ئەو شوێنانە دەکەن.
ئێمە وەکو ناوەندی چاک لە دانیمارک داوا لە کوردستانیان دەکەین دەنگ بدەنە کاندیدە کوردەکان لەو بازنەی هەڵبژاردنانەی خۆیان تێدا کاندید کردووە.
لە کۆپنهاگن سێ کەس بەناوی 1. سەردار بەندلی Serdal Bendli 2. ئۆزلم سارا چەکیس Ozlem Sara Cekic 3. بیلال ئینەکسی Bilal Inekci خەڵکی باکوری کوردستانن و سەر بە پارتی سۆسیالستی گەل **SF** ن، خۆیان کاندید کردووە لە بازنەکانی هەڵبژاردنی سەرووی شیلاند، ناوچەی کۆپنهاگن و ناو کۆپنهاگن. هیواداریین دەنگی خۆتان بدەنە ئەو کوردانە، بوونی ئەو کوردانە بە ئەندامی پارلەمان سوودی بۆ ڕەوەندی کوردی و کێشەی کورد بەگشتی دەبێت. پارتی **SF** پارتێکە هەمیشە پشتگیری لە گەلی کورد و داواکاریەکانی گەلی کورد کردووە، جگە لەوەی ئەو پارتە خاوەنی بەرنامەیەکی زۆر مرۆڤدۆستانەیە و هەمیشە پشتوپەنای هەژاران بووە. جێگای گوتنە لە هەوڵەکانی ناوەدنی چاک بۆ ناساندنی ئەنفال بە ژینۆساید سارا ئۆزلم یارمەتی باشی داوە. هەروەها **SF** یەکێ لەو پارتانەیە کە لەمبارەیەوە جێگای هیوایە.
بەگشتی ناوەندی چاک هیواداره ڕەوەندی کوردی دەنگ بدەنە پارتە چەپەکان، چونکە بردنەوەی هەڵبژاردن لە لایەن ئەوانەوە، دەبێتەهۆی هاتنەسەرکاری دەسەڵاتێکی زیاتر مرۆڤدۆست.

ناوی کاندیدە کوردەکان و بازنەی هەڵبژاردنەکانیان ئەمانەن:

1. **سەردال بەندلی،** بازنەی هەڵبژاردن: باکوری شیلاند کە زۆر شوێن دەگرێتەوە وەکو هیلسینگۆر و دەوروبەری، کۆکەدال، هۆرسهۆلم، هیلەغۆد و شوێنی تر.



**Serdal Bendil**
Valgkredse: Nordsjællands Storkreds
E-mail: benli@benli.dk
Hjemmeside: www.benli.dk
Telefon: 27208860


2. **ئۆزلم سارا چەکیس،** بازنەی هەڵبژاردن: بغۆنسهۆی، سوندبیوڤێستە و فرەدریکسبێرگ



**Özlem Sara Cekic**

Valgkredse: Brønshøj, Sundbyvester og Frederiksberg Slotkreds
E-mail: ozlem@ozlem.dk
Hjemmeside: http://www.ozlem.dk, http://www.ozlem.dk/kurdisk.sf
Telefon: 23 33 61 67

3. **بیلال ئینەکسی،** بازنەی هەڵبژاردن: بغۆنسهۆی، ڤالنسبێک، ئیسهۆی



**Bilal Inekci**

Valgkredse: Brøndby, Vallensbæk, Ishøj
E-mail: http://www.bilalinekci.dk/kontakt.php
Hjemmeside: http://www.bilalinekci.dk

**ناوەندی چاک – کۆمیتەی دانیمارک**
9.11.2007
www.chak.be